# کوشتاری ئەرمەن و باری ئەورۆی کورد لە تورکیا

جەبار قادر

یادی نەوەد ساڵەی قرکردنی ئەرمەنەکان لە لایەن سوپای عوسمانیەوە و بە فەرمانی راستەوخۆی سێکوچکەی دەسەڵاتی ( ئیتیحاد و تەرەقی ) ئەنوەر و تەڵعەت و جەمال  بۆنەیەك بوو بۆ باس و خواسی زۆر لە گەلێ ولأتدا لە سەر ئەو کارەساتە مرۆییە .

ماوەیەکی زۆرە هەوڵ و کۆششی ئەرمەنەکان بۆ ئەوەیە کە دەوڵەتانی دونیا ئەو کوشتارە   وەکو کردەوەیەکی جینۆساید سەیر و پێناسە بکەن . ستراتیژی رێکخراو و کەسایەتی و کۆماری ئەرمەنستان لەم هەوڵەیاندا بۆ ئەوەیە کە ئەو کوشتارە بە کردەوەی جینۆساید دابنرێ و ، بەرپرسیارێتی قانونی بخرێتە ئەستۆی کۆماری تورکیا وەکو میراتگەری دەوڵەتی عوسمانی و ، لە ئاکامیشدا دەبێ پرسی قەرەبوکردنەوەی زیانەکانی گەلی ئەرمەن بێتە کایەوە .

کاربەدەستانی تورکیا لە کاتی خۆیدا بە ئاسانی دەیانتوانی خۆیان لەو کێشەیە رزگار بکەن بەوەی پێ لە سەر ئەوە دابگرن کە کۆماری تورکیا لە ئەنجامی یاخیبونەوە لە دەسەڵاتی سیاسی عوسمانی و سیاسەت و هاوپەیمانیەکانی هاتۆتە کایەوە . ئەو کاتە ئەرمەنستان بەشێك بوو لە یەکێتی سۆڤیەت ، کە دۆست و هاوپەیمانی موستەفا کەمال بوو و ، رەنگبێ ئەرمەنەکان تەنها بە تاوانبارکردنی ئەو کردەوەیە و ئەنجامدەرانی و داخوازی لێبوردن لە گەلی ئەرمەن لە لایەن کەمالیەکانەوە قایل بوونایە ، بەلأم هەستی نەتەوەپەرستی توندرەوی موستەفا کەمال و یاوەرانی و بژاردەی سیاسی تورکی بە درێژایی سەدەی رابردوو بووە هۆی ئەوەی کە کێشەکە بگوێزرێتەوە بۆ ئەم سەدەیە و لەوە دەچێ زۆر گران بکەوێ لە سەر تورکیا . ئەوەی جێگەی سەرسورمانە ئەوەیە کە کەمالیەکان لە سەرەتاوە هەموو شتێکی دەوڵەتی عوسمانیان رەتدەکردەوە و لە دژی هەر باس و خواس و دیاردەیەك بوون بەو میراتەوە گرێیانبدات . هەوڵی موستەفا کەمال بۆ ئەوە بوو کە بە دونیای رابگەیەنێ کە ئەو لەو کولتوری دواکەوتوی دەروازەی بالأ دابراوە و خەریکی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی تەواو جودایە . بەلأم لە نیوەراستی سەدەی رابردووەوە هاوکات لە گەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسیدا لە تورکیا شانازی کردن بە دەوڵەتی عوسمانی و میراتەکەیەوە رۆژ لە دوای رۆژ لە هەڵکشان و پەرەسندندایە .

لە ماوەی نەوەد ساڵی رابردوودا کاربەدەستانی تورکیا ئەوەیان رەتدەکردەوە کە باو و باپیرانی ئەوان رەشەکوژیی ئەرمەنیان ئەنجامدابێ . بەلأم کە بینیان هەوڵەکانی رێکخراوە و کەسایەتی و دەزگا ئەرمەنیەکان رۆژ لە دوای رۆژ بەرهەمی زیاتر دەدەن بە دەستەوە،  کەوتونەتە خۆیان و لێژنەی تایبەت لە پسپۆرانی مێژوو و قانون پێکدێنن بۆ لێگەرین لە ئەرشیفەکانی دەوڵەت و لێکدانەوەی دەکومێنت و بەڵگە مێژووییەکان و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو ئەرشیفانە لە بەردەم توێژەراندا دەکەنەوە . هەروەها داوای پێکهێنانی لێژنەی زانستیی نیودەوڵەتی ( بێلایەن ) دەکەن بۆ ئەوەی لە رووداوەکانی ساڵی 1915 بکۆڵێتەوە .

لەم رۆژانەدا رۆژنامە و بلأوکراوەکانی تورکیا توانای خۆیان خستۆتە گەر و دەستیان بە هەڵمەتێکی فراوان کردووە بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچون و هەوڵەکانی ئەرمەنەکان .

بۆیە دەبینین رۆژنامەکانی تورکیا دۆسێی تایبەت بۆ باس و خواسی کوشتاری ئەرمەن ( بە وتەی ئەوان رووداوەکانی ساڵی 1915 ) تەرخان دەکەن و ئەو دەفتەرە کۆن و بەڵگە و دەکومێنتە مێژووییانە بلأو دەکەنەوە کە بۆچونەکانی تورك پشت راست دەکەنەوە.  بەکارهێنانی بەڵگە مێژووییەکان بەو شێوەیە و بۆ مەبەستی سیاسی گومان و بێمتمانەیی زۆری لای زانیاران و پسپۆرانی مێژوو دروست کردووە .

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە هەر لە رۆژانی کوشتارەکەوە هەوڵی ئەوە لە ئارادا بووە کە کورد بە بەشداریکردنی فراوان لەو کردەوە نامرۆییە گوناهبار بکرێ . ئەو هەوڵأنە هەمەجۆرە و فرەلایەن بوونە لە کاربەدەستانی تورك و

هاوپەیمانەکانیانەوە بگرە تا دەگاتە گەریدە و دیبلۆمات و رۆژهەلاتناس و رۆژنامەوان . هەرچەندە ماوەیەکە زۆر لە راستیەکان زانراون و ئەوە ئاشکرا بووە کە ئەو کوشتارە بە پلان و بریار و فەرمانی راستەوخۆی کاربەدەستانی دەوڵەت بووە و لە لایەن سوپا و دەزگا رەسمیەکانیەوە ئەنجامدراوە ، لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا کەسانی وا هەن هەوڵی ئەوە دەدەن نێوی کورد بزرێنن و دەستی چەوری خۆیان و دۆستەکانیان بە شانی کوردا بسرنەوە وەکو ئەو باسانەی لەم رۆژانەدا لە هەندێ لە رۆژنامەکانی فەرەنسادا بلاوکرایەوە .

گومان لەوەدا نیە ئەگەر کاربەدەستانی تورکیا راست بکەن و هەموو بەڵگەکان بخەنە بەر دەست توێژەران ، ئەوا گەلێ لایەنی تاریکی کوشتاری ئەرمەنەکان ئاشکرا دەبن . مرۆڤ دەبێ زۆر بە گومان بێ لەوەی کە ئەوان ئەو کارە بکەن ، هەر هیچ نەبێ لە بەر ئەوەی ئەو بەلگە و دەکومێنتە مێژووییانە پەیوەندییەکی زۆریان بە کوردەوە هەیە ، وەکو دانیشتوانی ئەو دەڤەرانەی ببوونە گۆرەپانی ئەو قەسابخانەیە . ئەو بەلگانە دەتوانن تیشکی زۆر بخەنە سەر باری کورد و سیاسەتەکانی کاربەدەستانی تورك بەرامبەر بەم گەلە چ لە سەردەمی عوسمانی و ئیتیحادییەکاندا و چ لە سەردەمی کەمالی و یاوەرانیدا. باوەر ناکرێ رەوتێکی وای رووداوەکان لە قازانجی دەوڵەتی تورکیا و کاربەدەستانی ئەو ولاتەدا بێ ، بۆیە دەبێ زۆر بەگومان بین لەوەی ئەوان بە راستی هەموو ئەرشیفەکان دەکەنەوە و بەلگەکان دەخەنە بەردەست توێژەران و مێژوونوسان .

تەنها بۆ نمونە قانونی راگوێزان ، کە لە ساڵی 1915 دەرکرا و بە هەنگاوی یەکەمی کوشتاری ئەرمەن دادەنەرێ و ، بە گوێرەی خودی سەرچاوە تورکیەکان ئەو قانونە نزیکەی ملیۆنێ هاوڵاتی کریستیانی گرتەوە ، کە زوربەیان لە رێگە یا بە خوێنساردی کوژران یا بە هۆی برسێتی و سەرما و نەخۆشیەوە سەریان نایەوە و هەرچیان هەبوو بەر تالان کەوت ، دەڵێم هەر بە پێی ئەو قانونە لە گور زانیارییەکانی مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی سەدان هەزار کوردیش بە زۆر راگوێزران و ئاوارە بوون و دەیان هەزاریان بە چەشنی ئەرمەنەکان سەریان تێدا چوو و ماڵ و حاڵیان تالان کرا.

بەلای کاربەدەستانی ئیتیحاد و تەرەقیەوە باری شەر و پەیوەندیی توند و تۆڵی نێوان ئەرمەن و رووسەکان بەهانە و پاکانەیەکی باش بوو بۆ دەرکردنی ئەو قانونە. موستەفا کەمال و ستالین و هیتلەر و سەدام حوسێنیش لە دواییدا کەلکیان لەم ئەزمونەی ئیتحادییەکان وەرگرت و بەهەمان بەهانە دەیان ملیۆن مرۆڤیان بە زۆر راگوێزا و ملینەهایان لێ کوشتن .

هەروەها بەلگە تورکیەکان ئاماژە بە ژمارەی مەدەنیە کوژراوەکان دەکەن کە بە سەدان هەزار لە قەلەم دەدرێن . گەلێ لە مانە لە لایەن چەکدارە ئەرمەنەکانەوە دەکوژران . ئەم چەکدارانە لە رقی دڵیاندا کەوتبوونە پێش سوپای رووسیا و لە درندەییدا هیچیان لە سوپای عوسمانی کەمتر نەبوو . زۆربەی ئەوانەش کە لەو دەڤەرە دەژیان کورد بوون . هەندێ سەرچاوەی تورکی باس لە زیاتر لە نێو ملیۆن کوژراوی مەدەنی دەکەن ، کە بەدەستی ئەو میلیشیا ئەرمەنیانە کوژران . ئەم نیو ملیۆن مرۆڤە مەدەنیە کە زوربەیان کورد بوونە و ئەو سەدان هەزار کوردەی کە بە زۆر راگوێزران و زیاتر لە نیوەیان لە رێگە لە نێوچوون ، کەس باسیان لێوە ناکات .

هەڵبەتە ئەرمەنەکان خۆیان لە قەرەی هیچ بابەتێ نادەن کە تەم و مژ بخاتە سەر رەوایی دۆزەکەیان . باسی ئەوە ناکەن کە چەکدارەکانی ئەوانیش کە هەستی نەتەوەیی و ئاینیی توندرەو پاڵی پێوە دەنان سەدان هەزار مرۆڤی بێگوناهیان کوشتوە . ئەوانیش وەکو ئێمەی کورد بە دەگمەن رەخنە لە سەرکردە سیاسی و رۆحیەکانیان دەگرن . ئەو سەرکردانەی ئەوانیش وەکو ئەوانەی ئێمە بە هەندێ لە هەڵس و کەوت و سیاسەت و لێکدانەوەی چەوتیان بوونە هۆی ماڵوێرانی و کارەساتی جەرگبر کە بە سەر گەلی ئەرمەندا هێنران .

کاربەدەستانی تورکیش کە بۆ پاککردنەوەی لاپەرەی خۆیان ، یا بۆ زراندنی نێوی کورد هەمیشە ویستویانە هەرچی کردەوەی درندانە و نامرۆییانە هەیە بیدەنە پاڵ کورد و ئەگەر کوردێکی زۆریش لە رێگەی شەر و شوری ئەواندا سەریان

تێدا چوبێ ئەوا بۆ خۆیان بە قازانجیان زانیوە . ئەو بەڵگانە کاتێ باس لەو قوربانیە کورد و چەرکەز و لازانە دەکەن بە موسوڵمان یا عوسمانی نێویان دەبەن ، بەڵام ئەگەر تورك بن ئەوا یەکسەر بە تورك نێویان دەبەن .

ئەمانە هەڵبەتە بابەتی توێژینەوەی مێژوویی دوور و دێژن و دەبێ لە بەر ڕۆشنایی بەڵگە و دەکومێنتی مێژوویی باوەر پێکراودا لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێ ، بۆیە ئێرە جێگەیان نیە .

من لێرەدا دەمەوێ تەنها ئاماژە بەو جیاوازییە بکەم لە نێوان هەوڵ و کۆششی گەلی ئەرمەن بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی قوربانیەکانی و بەکارهێنانی ئەو کارەساتە بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی و تاوانبارکردنی تاواناکاران ، لە گەڵ کەمتەرخەمی و گوێنەدانی کوردا بە یادی قوربانیەکانی و ڕاگرتنی یادی کارەساتە نەتەوەییەکانی و هەموو ئەو پرسانەی پەیوەندییان بەو ڕووداوانەوە هەیە .

شۆڕشگێرانی ئەرمەن شەش لەو حەوت سەرکردە ئیتیحادییە ، کە لە کاتی کوشتاری ئەرمەندا کاربەدستی بالا بوون و بەرپرسیار بوون لە کوشتاری ئەرمەن ، هەر یەکەیان لە ولاتێك بە سزا گەیاند و لە نێویان بردن .

بەراوردکردنی ئەم هەڵوێستەی ئەرمەن و هەستی ناسکی سەردارانی کورد لە بەرامبەر تاوانکارانی وەکو نەزار خەزرەجی و وەفیق سامەرایی و هەزارانی تری وەکو ئەوان بۆ خوێنەری ئاگاداری کورد بە جێدێڵم . کاتێ کۆمەڵێ کورد هەوڵماندەدا بۆ ئەوەی نەزار خەزرەجی لە سەر تاوانەکانی لە دژی کورد لە کاتی ئەنفالەکان و هەڵەبجە لە دانیمارك دادگایی بکرێ ، پاداشتی سەرکردەیەکی کورد بۆ ئێمە ئەوە بوو ، کە بە پیاوی بەعس و سەدام حوسێن لە قەڵەمی داین .

ئەوڕۆش وەفیق سامەرایی کە دەیان بەڵگەی لە سەرە کە یەکێ لە پلاندانەران و جێ بە جێکەرانی ئەنفالە ، بۆتە ڕاوێژکاری ئاسایشی یەکەمین سەرۆکۆماری کوردی عیراق .

بەرپرسانی کورد ئەوەندە بە بێبایەخیەوە لە گەڵ تاوانەکانی ڕژێمی بەعسدا هەڵس و کەوتیان کرد ، کە عەرەبی عیراق نەك هەر بیر لەوە نەکەنەوە داوای لێبوردن لە کورد بکەن ، بەڵکو گەلێ لە جاران خراپتر کەوتونەتە گیان کورد و لە مزگەوت و کۆبونەوە سیاسی و ئاینیەکانیان بانگەشەی کوردقران دەکەن و میدیای عەرەبی هەرچی ناو و ناتۆرەی خراپ هەیە دەیداتە پاڵ کورد و کەش و هەوایەکی دژ بەکورد لە نێو عەرەب و گەلانی موسوڵماندا دەوروژێنێ. کار گەیشتۆتە ئەوەی مەلاکان بانگەشەی ئەوە بکەن ئەوەی کورد بکوژێ دەستی سەوز دەبێ و بە بەهەشتی بەرین شاد دەبێ .

مخابن ئێمە تەنها ڕەخنە لەوەی بەرامبەر دەگرین و بە دەگمەن بیر لەوە دەکەینەوە کە ئێمە بۆ خۆمان چەندێ بەرپرسیارین لەم کەش و هەوا دوژمنکارانە .

ساڵی 1998 ئەرمەن و کوردی لوبنان کۆنفرانسێکی هاوبەشیان لە مەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر گەلان و دەوڵەتانی ناوچەکە سازکردبوو . شارەزایان لە گەلێ ولاتی ڕۆژهەلات و ئەوروپاوە بەشدار بوون لەو کۆنفرانسەدا . ئێمەش چەند کوردناس و چەند کوردێك بانگهێشت کرابووین . هەندێ دانیشتنمان لە گەڵ پسپۆڕان و سیاسەتمەدارانی ئەرمەن ساز کرد و هەوڵی ئەوەماندەدا کە باشتر لە یەك بگەین . گەلێ لەو کەسایەتیە ئەرمەنانە تورکیان دەزانی بەڵام ئامادە نەبوون قسەی پێبکەن ، کاتێ سیاسەتمەدارێکی کوردی تورکیا کە زۆر حەز دەکا بە تورکی قسە بکا ، ویستی بیکا بە تورکی ڕایانگرت و وتیان ئێمە ئامادە نین بەو زمانە وت و وێژت لە تەکدا بکەین. لەو ماوە کورتەدا بۆم دەرکەوت کە ئەرمەنەکان لە لوبنان زۆر دەستیان دەروا و لە شەری نێوخۆی ئەو ولاتەدا کەمترین زیانیان لێکەوتوە. لە ئەزمونی تاڵی شەری یەکەمی جیهانیەوە ئەو پەندەیان وەرگرت کە هەمیشە بیر لە بەرژەوەندییەکانی گەلەکەیان بکەنەوە و بە گوریسی کەس خۆیان نەخەنە بیرەوە . لە گەڵ ئەو پێگە گرنگەدا زۆر بە ئەسپایی و ئاگاداری دەجوڵێنەوە و نایانەوێ ئیرەیی و دوژمنایەتی هیچ گرۆپێ ببزوێنن و بەو هێزەوە کە هەیانە با ناچێ بە لوتیانە و پیانەوە دیار نیە .

کاتی ئەوە هاتووە لە خۆمان بپرسین : بۆ ئەو هەموو باس و خواسە لە گەلێ ولاتی دونیا لە سەر کوشتاری ئەرمەن دەکرێ و دەیان دەزگای نێونەتەوەیی و پارلەمانی نیشتمانی لە هەوڵی ئەوەدان وەکو کردەوەیەکی جینۆساید پێناسەی

بکەن ، هەرچەندە نەوەد ساڵی ڕەبەقی بە سەردا تێپەریوە ، ئەی بۆ یەك لە دەی ئەوە باس لە دۆزی گەلێکی تەواو لە تورکیا ناکرێ کە بە وتەی ڕۆڵەکانی چوار لە یەکی دانیشتوانی ئەو وڵاتە و نیوەی هەموو نەتەوەی کورد پێکدێنێ؟ .

چۆن دەبێ کێشەی ملیۆن و نیوێ قوربانی ڕەشەکوژییەکی درندانە و بێبەزییانە کە لە کاتی شەرێکی جیهانیی وێرانکەردا روویداوە و نزیکەی سەدەیەکی بەسەردا تێپەریوە لە دۆزی گەلێکی بیست ملیۆنی لە سەردەمی مافی مرۆڤی و شۆرشی زانیاریدا گەرم و گورتر و زیندوو تر بێ ؟ .

دەبێ کێ بەرپرسیار بێ لەم بارە سەیرەی مەسەلەکان ؟ . ئایە ئەمە بەرهەمی دروشم و بۆچوونە فانتازیاکانی بزاڤی کوردە کە لە دەرەوەی کات و شوێن لە شەقەی باڵ دەدا؟ . یا بەرهەمی ئەو داخوازییانەیە کە لە بازاری سیاسەتدا کەس ئامادە نیە فلسێکی قەڵبیان تێدا خەرج بکات ؟.یا ئەنجامی هەڵبەز و دابەزی مەیموونئاسای سیاسیەتمەداری کۆڵەوارە، کە بە وتەی ماوی ڕەحمەتی ، چەندێ لە هەڵس و کەوتی مەیمون چاوەروانی ئەنجام دەکرێ ، دەبێ لە سیاسەتی ئەمانیش هەر ئەوەندە چاوەروانی بکەین ؟.

یان دەبێ گوێ بە هەموو ئەم پرس و ئەگەرانە نەدەین و خۆمانیان پێوە ماندوو نەکەین و دەست لە تەمەڵی فیکری هەڵنەگرین و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژی تریش عەوداڵ بین بە بەدوای پیلانگێران و دوژمنانی گەلەکەماندا (هەڵبەتە مەبەست دوژمنانی سەرکردەی بلیمەت و حیزبی پێشرەوە ) ؟ .

ئەی بەعس بە بەرچاوی دونیاوە نزیکەی نێو ملیۆن کوردی لە نێو نەبرد ؟ ئەی بۆ نەکرا ئێمەش کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵبجە و پاکتاوکردنی رەگەزی بکەینە ئامێرێك بۆ گەیشتن بە مافەکانمان و تاوانبارکردنی دوژمنە سەرسەختەکانمان ؟ .

وا دەزانم ئەزمونی ئەرمەن و کورد و هەڵس و کەوتیان لە لە گەڵ پرسەکانی کوشتار و جینۆساید و ئەنجامەکانیدا دیمەنی دوو نمونەی تەواو دژ بەیەکمان دەدات بەدەستەوە . یەکەمیان نمونەی ئەرمەنەکانە کە بە وشیاری و شارەزاییەوە کار لە سەر ئەو پرسە دەکەن ودوای خەباتی نزیك یەك سەدەی تەواو وا خەریکن بەری ئەو هەوڵانە گرد دەکەنەوە ، دووەمیشیان نمونەی کوردی کەمتەرخەمە کە نەك هەر هیچ کارێکی جیدی لە سەر ئەم پرسە نەکردووە ، بەڵکو نەیتوانیوە تەنانەت هەنگاوی یەکەمیش لەم ڕێگەیەدا هەڵبنێ ، کە ئەویش کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگە و دەکومێنتە لە سەر ئەو کوشتار و کارەساتانەی بە سەریدا هاتوون لە هەموو بەشەکانی وڵاتەکەی .